# نەتەوە چییە؟ بەشی دووەم

**ئێرنێست ڕێنان**

**کۆنفڕانسی سۆربۆن، ١١/٣/١٨٨٢**

**وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە:** پێنووس 28, 03, 2019

**دووەم:**

کاتێك گوێمان لە هەندێك تیۆریدانەرە سیاسییەکان دەبێت، بۆ ئەوان نەتەوە بریتییە لە سیستەمی پاشایەتی، کە لە ئەنجامی داگیرکارییەکی کۆنەوە پەیدا بووە. داگیرکارییەکە قبووڵ کراوە، دواتر لە لایەن خەڵکەوە لەبیر کراوە. لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە، کۆکردنەوەی شارەکان لە ڕێگەی پاشایەتییەکەوە، لە ڕێگەی جەنگەوە، لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە یان لە ڕێگەی پەیماننامەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم کۆکردنەوەیە لە کاتی کۆتاییهاتنی سیستەمی پاشایەتیدا کۆتایی پێ دێت. ڕاستە، زۆربەی نەتەوە هاوچەرخەکان لە لایەن بنەماڵەیەکی دەرەبەگەوە دروست بوون، کە وەکوو گرێبەستێکی هاوسەگیری بووە لەگەڵ خاکێك و، بووە بە چەقی خاکەکەیان. سنوورەکانی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ نە سروشتی بوون نە پێویست بوون. ماڵی کاپێتیەن[1] ناوچەیەکی بەرفراوانیان لە ڕێگەی پەیماننامەی ڤێردون[2] دەست کەوت؛ ئەم ماڵە خاوەنی ڕاستەوخۆی ئەو ناوچانە بوون.

کاتێك پاشاکانی فەڕەنسا ئەو ناوچانەیان خستە پاڵی خۆیان، نە بیریان لە سنووری سروشتی دەکردەوە، نە مافەکانی نەتەوە، نە ئیرادەی شارەکان. بە هەمان شێوە یەکبوونی ئینگلتەرا، ئیرلەندا و سکۆتلەندا کردەوەیەکی پاشایەنە بوو. لە ئیتاڵیا پێش ئەم سەدەیە چەندین بنەماڵە هەبوون حوکمیان دەکرد و هیچیان یەکگرتنیان بەدی نەهێنا؛ هەر بۆیە زۆر کاتی خایاند تا ئیتاڵیا بوو بە نەتەوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو، هەتاوەکوو دوورگەی نادیاری سەردینیا[3]، کە بەزۆری کراوە بە ئیتاڵیا، پاشایەتییەکی تایبەت بە خۆی لێ بوو. هۆڵەندا، کە بە بڕیارێکی ئازایەنە خۆی خۆی دروست کرد، کەچی ئەوانیش لەگەڵ ماڵی ئۆرەنج[4] گرێبەستیان ئەنجام دا؛ هۆڵەندییەکان بەڕاستی تووشی مەترسی دەبوونەوە ئەگەر ئەم گرێبەستە تێک بچووبایە.

ئایا ئەم جۆرە یاسایانە ڕەهان؟ بێ گومان نەخێر. سویسرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەی چەند ناوچەیەکی یەک لە دوای یەك دروست بوونە و، هیچ بناغەیەکی پاشایەتییان نەبووە. ئێمە لێرە وتووێژ لەسەر فەڕەنسا ناکەین؛ داهاتوو نهێنییەکەمان پێ دەڵێت. دەتوانین تەنیا بڵێین ئەو پاشایەتییە مەزنەی فەڕەنسا زۆر نەتەوەیی بوون؛ بە جۆرێك کە پاشایەتیش لەناو چوو، نەتەوە مایەوە، بەبێ پاشایەتی. هەموو شتەکان لە سەدەی هەژدە گۆڕدران. دوای چەندین سەدە ڕیسوابوون، مرۆڤ بووەوە بەو ڕۆحییەتەی جاران؛ مرۆڤ ڕێزی لە خۆی و مافەکانی خۆی دەگرت. وشەی نیشتمان و هاووڵاتی، واتای خۆی بەتەواوی وەرگرت. بەم شێوەیە تواندرا ئازایەتیترین کردار لە مێژوودا بکرێت؛ کردەوەیەك کە دەتوانین لە دەرووناسیدا بەو شێوەیە وەسفی بکەین: هەوڵی گەڕاندنەوەی ژیان و کەرامەتە بۆ لاشەیەك کە

مێشك و دڵی دەرکرابوو.

پێویستە ئەوە قبووڵ بکەین، کە نەتەوەیەك دەتوانێت بەبێ بنەماکانی پاشایەتی دروست ببێت؛ هەروەها نەتەوەکان دەتوانن بە ڕێگەی پاشایەتییەوە دروست بن؛ هەر ئەم نەتەوانە دەتوانن پاشایەتییەکەی خۆیان کۆتایی پێ بێنن، بەڵام نەتەوە هەر بمێنێتەوە. ئەو بنەما کۆنانەی کە تەنیا ڕەچاوی میر و پاشاکانی دەکرد باوی نەماوە؛ شان بە شانی مافەکانی پاشایەتی، مافەکانی نەتەوەیش هەیە. بە کام پێوەر مافە نەتەوەییەکان بنیات بنێین؟ چۆن نەتەوەکان بناسینەوە؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو مافانە بەدەست بێت؟

. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەندێ کەس بەدڵنیاییەوە دەڵێن ڕەچەڵەک پێوەرە. کەواتە ئەو دابەشبوونە دەستکردانەی کە لە ئەنجامی دەرەبەگایەتی، هاوسەگیریی میرەکان، کۆنگرەی دیپلۆماتکارەکان دەکرێت، هەموویان پووچن. ئەوی ڕاست و جێگیرە، ڕەچەڵەکی دانیشتووانەکەیە[5]. پێیان وایە ئا ئەمەیە ماف و یاسا. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە، بنەماڵە ئەڵمانییەکان، دەتوانن هەموو ئەڵمانییەکی پەرشوبڵاو بۆ خۆیان گل بدەنەوە؛ هەرچەندە ئەو ئەڵمانییانە خۆیان نایانەوێت لەگەڵیاندا بن. مافی ئەڵمانیبوون لەسەر شارێك، بەهێزترە لە مافی دانیشتووانی ئەو شارە لەسەر خودی خۆیان. بەم شێوەیە مافێکی سەرەتایی دروست دەکەین کە وەکوو مافی خودایی وایە؛ بنەماکانی نەتەوە دەگۆڕینەوە بە بنەماکانی ڕەچەڵەکناسی (ئیتنۆگرافی). ئەمەیە گەورەترین هەڵە؛ ئەگەر ئەم تیۆرییە سەرکەوتوو بێت، شارستانییەتی ئەورووپی خەسارەتێکی گەورە دەکات. چەندە بنەماکانی نەتەوەبوون دروست و یاساین، ئەوەندەیش یاسا سەرەتاییەکانی ڕەچەڵەکی، بەرتەسك و پڕن لە مەترسی بۆ پێشکەوتنی ڕاستەقینە.

ئەمە ڕاستە کە ڕەچەڵەك لە هۆز و شارە کۆنەکان، گرنگییەکی زۆری هەبوو. هۆزەکان و شارە کۆنەکان تەنیا بەرفراوانبوونی خێزان بوون. لە سپارت و ئەتینا، هاووڵاتیان پلەی خزمایەتیی دوور، یان نزیکیان هەبوو. هەروەها لای بەنی ئیسرائیل هەر بەو شێوەیە بوو؛ ئێستایش لای هۆزە عەرەبییەکان هەر بەو شێوەیەیە. با نموونەکان لە ئەتینا و سپارت و هۆزە ئیسرائیلییەکان، بگۆڕین بۆ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمان. لەوێ دۆخەکە تەواو جیاواز بوو. شارە گەورەکان و شارۆچکە تەواو جیاوازەکان گورزێکی توندیان لە بیرۆکەی ڕەچەڵەك دا. لە سەرەتادا ئەو شارانە بە توندوتیژی دروست بوون و دواتر بەرژوەندی، کۆی دەکردنەوە. ئایینی مەسیحی بە سروشتە جیهانییەکەی و ڕەهاییەکەی، هەر بەم ئاراستەیە کار دەکات. مەسیحییەکان هاوپەیمانییەکی گەرم لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی گرێ دەدەن. لەژێر کاریگەریی ئەو کەسانەی کە ئەم یەکگرتنەیان ساز دا، پرسی ڕەچەڵەکناسی لە حوکمکردنی مرۆڤەکان، بۆ چەندین سەدە بەلاوە نرا.

هێرشی بەربەرەکان[6]، سەرەڕای ڕواڵەتەکەی، هەنگاوێکی تر بوو بەم ئاڕاستەیە. پاشایەتییە پارچەپارچەبووەکانی بەربەرەکان، هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕەچەڵەکناسییەوە نەبوو؛ پارچەپارچەبوونیان لەسەر بناغەی هێز و نازوفیزی داگیرکەرەکە بوو. بۆ بەربەرەکان ڕەچەڵەکی ئەو خەڵکەی ملکەچیان بوون، هیچ گرنگییەکی نەبوو. شارلەمان چۆنی ویست ئەوها ڕۆمای دروست کردەوە؛ شارلەمان ئیپمراتۆرییەتێکی یەکگرتووی هەبوو کە لە چەندین ڕەچەڵەك پێك هاتبوو؛ واژووکەرانی پەیماننامەی ڤێردون، کاتێك سنووری باکوور و باشووریان دەنەخشاند، هیچ ڕەچاوی ڕەچەڵەکی ئەو خەڵکەیان نەدەکرد کە دەکەونە ئەودیو یان ئەمدیوی سنوورەکان. جووڵانەوەی هێڵە سنوورییەکان لە سەردەمی چەرخی ناوەڕاست، لە دەرەوەی بیرۆکەی ڕەچەڵەکناسی بوو. سیاسەتی ماڵی کاپێتیەن وای کرد، کە

زۆربەی ناوچە گۆلە کۆنەکان کۆ بکرێتەوە و ناوی لێبنرێت فەڕەنسا، بەڵام لە ئەنجامی ئەوە نەبوو کە ئەو ناوچانە هەمان ڕەچەڵەکیان هەبووە. ئەوەتا دۆفینێ، برێس، پرۆڤانس و فرەنچکۆمتێ لەبیریان نییە کە ڕەسەنایەتییەك کۆیان دەکاتەوە. گۆلوابوون لە سەدەی دووەمەوە هیچ باوی نەماوە، تەنیا هەندێك توێژینەوە هەیە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا پێمان دەڵێت، کە هەندێك کەس سروشتی گۆلوایان هەیە.

ڕەوشی ڕەچەڵەکناسی، هیچ کاریگەرییەکی لە پێکهاتنی نەتەوەی هاوچەرخ و مۆدێرندا نەبوو. فەڕەنسا سێتلین، ئیبرین[7] و جێرمانین (ئەڵمانین). ئەڵمانیا جێرمانین، سێلتین و سلاڤن. ئیتاڵیا ئەو وڵاتەیە کە ڕەچەڵەکناسی تووشی سەرلێشێوان دەکات. گۆلەکان، ئێتروسکەکان، پێلاسەکان و یۆنانییەکان و چەندین پێکهاتەی تریش ئەم وڵاتەیان پێک هێناوە، کە ئامارەکان لەو تێکەڵییەدا ئاستەمە. بەگشتی لە دوورگە بریتانییەکان، خوێنەکان تێکەڵ بوون؛ سێلتی و جێرمانی تێدایە و زۆر ئاستەمە ڕێژەکان دیاری بکرێن.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ڕەچەڵەکی بێگەرد نییە. سیاسەتمەداران ناتوانن کار لەسەر شرۆڤەی ڕەچەڵەکناسی بکەن؛ ئەم بابەتە بەم شێوەیە، دەخرێتە سەر پشتی ئەژدیهایەك. باشترین دەوڵەتەکان، وەك ئینگلتەرا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا ئەو وڵاتانەن کە زیاترین خوێنیان تێدا تێکەڵ بووە. ئاخۆ ئەڵمانیا لەم بابەتەدا ڕیزپەڕە؟ ئایا دەوڵەتێکی ئەڵمانیی بێگەرد هەیە؟ چ خەیاڵێکە! هەموو باشوور گۆلوا بوو. هەموو ڕۆژهەڵات لە ئێلبەوە[8] سلاڤن. ئەو بەشەی کە پێی دەگوترێت بێگەردی ڕاستەقینەن، ئایا بەڕاستی وان؟ لێرەدا دەست بۆ بابەتێکی هەستیار دەبەین؛ پێویستە بیرێکی پاکی لێ بکەینەوە و لە نەفامی دوور بکەوینەوە.

وتوێژ لەسەر ڕەچەڵەك کۆتایی نایە، چونکە وشەی ڕەچەڵەك لە لایەن مێژووی زمانناسییەوە بە شێوەیەك وەرگیراوە و، لە لایەن مرۆڤناسی و کارئەندامناسییەکانیشەوە بە شێوەیەك وەرگیراوە. لای مرۆڤناسەکان[9]، ڕەچەڵەك هەمان واتای لە ئاژەڵناسی[10] هەیە؛ نەوە ڕاستەقینەکان و باوباپیران لە ڕێگەی خوێنەوە دیاری دەکات. بەڵام توێژینەوەکانی زمان و مێژوو، هەمان ئەنجامی کارئەندامناسییان[11] نابێت. مرۆڤە سەرکورتەکان[12]و مرۆڤە سەردرێژکۆلەکان[13]هیچ جێگەیەکیان لە مێژوو و زمانناسیدا نابێتەوە. ئەو کاتەی زمانەکان و بەشی ئارییەکان دروست بوون، مرۆڤەکان پێشتر پێک هاتبوون لە مرۆڤە سەرکورتەکان و مرۆڤە سەردرێژکۆلەکان[14]. پێویستە بۆ زمان و  دامەزراندنی سامییەکانیش، هەمان شت بڵێین.

بە واتایەکی تر، سەرچاوەی پۆلینکردنی ئاژەڵییانەی مرۆڤایەتی، زۆر کۆنترە لە ڕەسەنایەتیی ڕۆشنبیری، شارستانی و زمان. گرووپە سەرەتاییە ئارییەکان، سامییەکان و تۆرانیەکان شێوەیان تەواو جیاواز بوو. ئەم گرووپانە ڕووداوی مێژوویین کە لە سەردەمێکدا هەبوون؛ پازدە یان بیست ساڵ پێش ئێستا. سەرچاوەی پۆلینکردنی ئاژەڵییانەی مرۆڤایەتی، ژمارەیەکە تێیدا بزر دەبین. بەپێی زمانناسی و بەپێی مێژوو، ڕاستە ڕەچەڵەکی ئەڵمانییەکان خێزانێکی جیاوازە لەناو مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئاخۆ واتای ئەم خێزانە لە ڕوانگەی مرۆڤناسییەوە هەمان شتە؟ بێ گومان نەخێر. دەرکەوتنی کەسانی ئەڵمانی (جێرمانی) لە مێژوودا، چەند سەدەیەکی کەم پێش مەسیح بووە. خۆ ئەڵمانەکان لەو سەردەمەدا لەژێر خاکەوە دەرنەچوونە. پێشتر، ئەڵمانەکان لەگەڵ سلاڤەکان توابوونەوە، لە پانتاییەکی بەرفراوان ساکەکان[15]دەژیان و، کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆیان نەبوو. ئینگلیزێك جۆرە کەسێکە لەناو مرۆڤایەتیدا، بەڵام کاتێك بێئاگا دەڵێین ئەمە ڕەچەڵەکی ئەنگلۆساکسۆنە؛ ئەم ڕەچەڵەکە نە بروتۆنێکی سەردەمی سێزارە، نە ڕەچەڵەکی ئەنگلۆسەکسۆنێکی هێنجیست، نە دانیمارکییەکی کنوتە، نە نۆرمەندێکی گیۆمی ڕزگارکەرە، بەڵکوو ئەم

ڕەچەڵەکە کۆئەنجامی گشت ئەو شتانەیە. فەڕەنسی نە گۆلوایەکە، نە فرەنکێکە، نە بورگۆندێکە. ئەمانە گشتیان دەرچووی گەرمکەرەوەیەکی مەزنن؛ لەژێر سێبەری فەرمانڕەوایەتیی پاشا فەڕەنسییەکاندا، گشت ئەو جیاوازییانەی تێدا بوو، پێکەوە کوڵێنران.

دانیشتووێکی ژێرسێی و گرنسێی[16] لە ڕەسەنایەتییەکەیدا، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ خەڵکی ئەوبەری نۆرماند. لە سەدەی یازدەوە چاوە ئاساییەکان نەیانتوانی هەر دوو بەری کەناڵەکە ببینن. بارودۆخێکی بێبەها وای کرد، کە فیلیپ ئۆگوست دوورگەکانی تری نۆرمەندی بۆ خۆی نەبات. حەوت سەد ساڵ دەبێت، ئەم دوو بەرەیە لە یەك جیا کراونەتەوە. هەر دوو خەڵکەکە ئێستا بوونەتە بیانی لەگەڵ یەکتردا؛ هیچ لە یەك ناچن. ئێمە و چەندین مێژوونووسی تریش پێمان وایە، کە ڕەچەڵەك دروست دەکرێت و کۆتاییی پێ دێت. توێژینەوە لەسەر ڕەچەڵەك گرنگە، بۆ ئەو بیرمەندانەی لە بواری مێژووی مرۆڤایەتیدا کار دەکەن؛ بەڵام ڕەچەڵەك، کاری بە سیاسەتەوە نییە. ئەو هەستەی کە پێش دروستکردنی نەخشەی ئەورووپا هەبوو، هیچ ڕەچاوی ڕەچەڵەکی نەدەکرد؛ یەکەمین نەتەوەکانی ئەورووپا ئەو نەتەوانە بوون کە خوێنیان تێکەڵ بوو.

ڕەچەڵەك پێشتر گرنگ بوو، بەڵام ئێستا بەهای بەبەردەوامی کەم دەبێتەوە. مێژووی مرۆڤایەتی، جیاوازە لە پۆلینکردنی ئاژەڵییانە. ڕەچەڵەك هەموو شتێك نییە، هەروەک بابەتی ڕەچەڵەکی مشکەکان و پشیلەکان؛ ئێمە مافی ئەوەمان نییە بڕۆینە جیهان دەست بە سەر کەللەسەری خەڵکدا بهێنین، دوایی توند لەباوەشیان بگرین و بڵێین: "تۆ لە خوێنی ئێمەی، تۆ بەشێکی لە ئێمە!" لە دەرەوەی سروشتی مرۆڤناسی، زۆر شتی تریش هەیە بۆ هەمووان وەکوو یەکە: عەقڵ، دادپەروەری، ڕاستی، جوانی. بەڕێزان، سیاسەتی ڕەچەڵەکناسی هیچ سەرکەوتوو نابێت. دژی خەڵکی تر پاڵی پێوە دەنێیت؛ دواتر دەبینن دژی ئێوە هەڵدەستێتەوە. ئایا ئەڵمانییەکان لەوە دڵنیان کە ئاڵای ڕەچەڵەکیان بەرز کردۆتەوە؟ ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان سلاڤەکان نایەن شرۆڤەی ناوی شارۆچکەی ساکس و لوزاس بکەن؟ یان بە دوای شوێنەوارەکانی ویلتز و ئۆبۆتریت ناگەڕێن؟ یان داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو کۆمەڵکوژی و فرۆشتنە بەکۆمەڵەی باوباپیرانی خۆیان ناکەن لە لایەن ئۆتۆنییەکانەوە[17]؟ بۆ هەمووی، پێویستە فێری لەبیرچوونەوە بین.

ڕەچەڵەکناسیم خۆش دەوێت؛ زانستێکە سوودێکی دەگمەنی هەیە؛ دەمەوێت ئەو زانستە ئازاد بێت، دەمەوێت ئەم زانستە لە سیاسیەتدا پەیڕەو نەکرێت. لە ڕەچەڵەکناسی، هەروەکوو هەر خوێندنێکی تر، سیستەمەکان دەگۆڕێن؛ ئەم گۆڕانکارییە بۆ پێشکەوتن گرنگە. بەم شێوەیە سنوورەکانی دەوڵەت، دوای پێشکەوتنە زانستییەکان دەکەون[18]. واتا نیشتمانپەروەری بە خوێندنێکی تایبەتەوە گرێ دەدرێت، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هاودژە. بە نیشتمانپەروەرەکان دەڵێین: "هەڵەتان کرد خوێنی خۆتان لە پێناوی ئەو بابەتە ڕشت؛ لەو باوەڕەدا بوویت سێلتیت؟ نەخێر تۆ ئەڵمانیت." ئینجا دوای دە ساڵی تر پێت دەڵێن کە تۆ سلاڤ بوویت. بۆ ئەوەی زانست بەهەڵەدا نەبەین، واز لە زانست بهێنن با ڕای خۆی لەسەر ئەو کێشانە دەربڕێت، کە سوودێکی بۆ ئێمە هەبێت. دڵنیا بن ئەگەر داوا لە زانست بکەین کە دیپلۆماسییەتمان بۆ بگۆڕێت، زانست تووشی سەرسوڕمانێکی پێکەنیناویمان دەکات. زانست کاری چاکتر دەکات؛ تەنیا داوای ڕاستییەکانی لێ بکەن.

[1]– ماڵی کاپێتیەن، بنەماڵەیەک بوون کە لە ساڵی ٩٨٧ەوە بۆ ١٧٩٢ حوکمی فەڕەنسایان گرتە دەست.

[2]– پەیماننامەی ڤێردون لە ساڵی ٨٤٣ واژوو کرا. ئەو پەیماننامەیە نەوەکانی ئیمپراتۆر شارلەمانی

بەستیان بۆ مەبەستی دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینیژیەکان؛ لە ئەنجامدا فەڕەنسای ئێستا دروست بوو.

[3] – سەردینیا، هەرێمێکی ئیتاڵییە؛ دوورگەیەکە لەناو دەریای سپیی ناوەڕاست.

[4]– ماڵی ئۆرەنج ئەو بنەماڵەیەن کە لە ساڵی ١٨١٤وە تا ئێستا پاشایەتیی هۆڵەندیان بەدەستەوەیە.

[5]– نووسەر ڕەخنە لە بیرۆکەی ڕەچەڵەك دەگرێت وەك بناغەیەك بۆ بنیاتنانی نەتەوە.

[6]– بەربەرەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، واتا ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئەم ئیمپراتۆرییەن. واتا بەربەرەکان مەرج نییە مانایەکی نەرێنییان هەبێت؛ ئەوان توانییان چەندین سەدە لە ناوچە جیاوازەکانی ئەوروپا حوکم بکەن.

[7]– خەڵکی نیمچەدوورگەی ئیبریا (ئیسپانیا، پۆرتوگال و هتد).

[8]– ئێلب ڕووبارێکە درێژییەکە هەزار کیلۆمەتر زیاتر، هەر دوو وڵاتی ئەڵمانیا و چیك دەبڕێت.

[9]– ئەنترۆپۆلۆژیست.

[10]– زوولۆژی

[11]– فیزیۆلۆژی

[12]- Brachycéphalie

[13]- Dolichocéphalie

[14] – درێژکۆلە: هەر شتێك کە سروشتێکی درێژی هەبێت.

[15]– ساکەکان: کۆمەڵە خەڵکێکی ئاریایی و ئێرانی بوون؛ پێش پەیدابوونی مەسیح لە نێوان ئەوروپا و ئاسیا بە کۆچەڕەوی دەژیان.

[16]– ژێرسێی و گرنسێی دوو ناوچەن، ئێستایش سەر بە بریتانیا. لە خاکی فەڕەنسای ئێستاوە زۆر نزیکن.

[17]– ئۆتۆنییەکان، ئیمپراتۆرییەتی کۆنی جێرمانییە؛ لە سەدەکانی دە و یازدە هەبوو.

[18] – نووسەر دەیەوێت بڵێت، مەحاڵە زانست و دیاریکردنی سنووری وڵاتان لەم بابەتەدا یەک بگرنەوە.